www.kurdistannet.org
27-8-2006 4:29بەكاتی ناوەندی ئەوروپا

## دادگای ئەنفال بەرەو كوێ؟ ... عەلی مەحموود محەمەد



دادگایكردنی سەدام لە پای تاوانی ئەنفال بەو مەزنییەی خۆیەوە، كە هەر لە دەستپێكیدا بە دۆسییەكی 9312 لاپەڕەیی پڕ لە سەرتاپا وەحشییەت و تاوان و ژمارەیەكی یەكجار زۆر شكایەتكار و شایەدی خاوەند چیرۆكی تراژیدی لە خۆ گرتووە (هەندێك بەرپرس لەمەشدا مزایەدە دەكەن باسی 8 تەن وكەسی دی 18 تەن بەڵگەنامە دەكەن) .
لە سەرەتاوە دەمەوێت ئەو پرسیارە بكەم، ئایا ئەم دادگاییكردنە بە دادگاییكردنی فكری ناسیۆنالستی عەرەبی دەگات؟، یاخود بە دادگاییكردنی بزاڤی چەكداری كوردی؟. ئەمەش كێشمەكێشی نێوان دوو بزووتنەوەی نەتەوەییە، دەیان ساڵ بە شێوەی چەكداری نەیانتوانی چۆك بە یەكتری دابدەن، ئێستا لە ڕێگەی ئەم دادگاییەوە، بە سەركەوتنی سەربازی نا، بەڵكە لە ڕێگەی ڕسواكردنەوە، جەنگی خۆیان لە ناو هۆڵی دادگا بە كۆتایی دەگەیەنن، یەكەمیان نوێنەرایەتی شۆفینییەتی نەتەوەی سەردەست دەكات، دووەم نوێنەرایەتی نەتەوەی ژێر دەست، هەرنەتەوەیەكیش بوو بە سەردەست هیچ ڕەوایەتییەك لە جەنگەكانیدا نییە لەگەڵ نەتەوەی ژێر دەست.
هەر لە دەستپێكی دادگاییەكەوە، كێشمە كێشەكە كەوتە نێوان ئەو دولایەنەوە، بەبێ ئامادەگی ڕاستەوخۆی نوێنەرایەتی بزاڤی چەكداری، خاڵی بەهێزی ناسیۆنالیزمی نەتەوەی ژێر دەست ئەوەیە نوێنەرایەتی خۆی داوەتە دەست قوربانیانی سڤیل، بەمەش ڕەوایەتی بە بوونی خۆی لەبەردەم بیروڕای جیهانی دەدات.
تاكە ڕێگاش بۆ خۆ بە بێتاوان نیشان دانی تاوانكارانی ئەنفال، تێكەڵكردنی بزاڤی چەكداری كوردی و ئێرانە بە ململانێكە، بۆ ئەوەی لەو ڕێگەیەوە خۆیان لە تۆڵەی قوربانیان بپارێزن.
لە هەموو جەنگێكدا تەقەی یەكەم چارەنووس سازە بۆ ئەو شەرگەیە، لەم دادگاییەش شایەد حاڵی یەكەم زۆر گرنگ و چارەنووسساز بوو بۆ تاوانباركردنی ناسیۆنالیزمی عەرەبی لە ڕێگەی دادگاییەكەوە، چونكە سەدام ئەم پاڵەوانە ئەفسانەییەی ناسیۆنالستی عەرەبی، لەگەڵ شكستی لەناو هۆڵی دادگادا، ناسیۆنالسزمی عەرەبیش لەگەڵ شكستەكانی قارەمانەكەیان، بست بست دەچنە ژێر زەوییەوە، ئەوان لەڕێگەی ئەو دادگاییەوە نمایشی خۆیان دەكەن، كەچی شكاتكاری یەكەم عەلی مستەفای تەمەن 53 ساڵانە، سەركەوتوو نەبوو لە تاوانباركردنی ناسیۆنالستی عەرەبی، ئەو نەهات ململانێی كورد لەگەڵ عێراق وەك بەشێك لە هەوڵدان بۆ كۆتایی هێنان بە ستەمی نەتەوایەتی نیشان بدات، پێشمەرگەی پێناس نەكرد بە كۆمەڵە چەكدارێك دژ بە ستەمی نەتەوایەتی تێدەكۆشن، بە

پێچەوانەوە بچوكیانی كردەوە بۆ ئاستی كۆمەڵە فیراریێكی سەربازی و چەند خەڵكێكی برسی كۆبوەوە لە دەوری یەكتری، دیارە محەقیقەكان لە هەڵبژاردن و دیاریكردنی كێسەكاندا ڕۆڵیان هەبووە، لەم هەڵبژاردن و دیاریكردنی یەكەم شەڕكەر سەركەوتوو نەبوون، ئەمە سەرباری ئەوەی ڕێنوێنی پارێزەرەكانی قوربانیان گرنگە، پێی دەچێت ئەوانیش شارەزا نەبن و ئەزمونیان لەو بارەیەوە نەبێت، هەرچەندە ترسی ئەوەم هەیە لەو سەرەوە بۆمان دەركەوێت، كەسیان تێدا هەبووە كۆنە خەفیفە و هەڤالانی بەعس بوبێت (مەبەستم پارێزەرانی قوربانیانە)، هیوادارم گوێمان لەو جۆرە هەواڵە نەبێت پارێزەری لەو چەشنە لە ڕیزی پارێزەرانی قوربانیاندا بوونی نەبێت.

بەڵام نەجیبە فەقێ خدر بە ڕستە سادەكانی مەزلومییەتی كوردی لەبەرزترین ئاستدا دەرخست، وتەكانی دەربڕی قرچەی جەرگی ژنە كوردێك بوو لەژێر باری گرانی ئازارەكانی ستەمی نەتەوایەتیدا ئاگری گرتووە، هەرچەندە ئێمە پیرێژنی زۆرمان هەیە شایەدی دڕندەیی بەعسە لە حەرەس قەومییەكانەوە بۆ ئێستا، دەتوانرا ئەوانە بهێنرانایەتە بەردەم دادگا؟، ئەوە چەكوشێكی گەورە بوو بەر ناسیۆنالیزم دەكەوت.

ترسی ئەوەم هەیە شكایەتكار و شایەدەكان، پارێزەر و موحەقیقەكان، وەرگێڕو مەلایكەتەكانیش هەر دوو پارتەكە دیاریانیان كردبێت؟، دەنا چۆن پارێزەری تاوانباران ڕستەی كوردی بۆ وەرگێڕەكان چاك دەكەنەوە، ئەم كوردستانە دوو عارەبی زانی باشی تێدا نەبوو!.

بڕیاری 4008

داواكاری گشتی لە پێشكەشكردنی دۆسییەكەی بە دادگا گرنگییەكی زۆری بە بڕیاری 4008 دا، ئەمەش مایەی دڵخۆشییە، چونكە دەتوانیین ئەو بڕیارە بە دەستپێكی ژینۆسایدكردنی گەلی كورد بدەینە قەڵەم، هەمان بڕیار لە دادگای هۆڵەندە بە سەرەتای ژینۆسایدی گەلی كورد ناسێنراوە، پێویستە تەئكید لەم بڕیارە بكرێتەوە، ئەمەش هەنگاوێكی باش و دواڕۆژ ڕوونە بۆ ئەوەی تاوانی ئەنفال بە ژینۆساید بناسرێت لەم دادگاییە.

دۆسیەی ئانرات لەبەردەست دادگادایە، هیوادارم بۆ بە ژینۆساید ناسینی ئەنفال، هاوكاریكەرێكی باش بێت لە ئایندە، باشە ئەگەر پارێزەرانی كورد داوا بكەن كەڵكی لێوەربگرن.

هەرچەندە لە ئەم دادگاییە شایەدحاڵ و بەڵگە نامە زۆر زۆرترە وەك لە دادگایی ئانرات، هەروەها تاوانكارانی سەرەكی و سەدان جاشی تاوانبار و... لەبەر دەستدان، دەتوانرێت بە سانایی كەڵكیان لێ وەربگرترێت.

نەزار خەزرەجی تاوانكاری سەرەكی

بەپێی ڕاپۆرتی داواكاری گشتی تاوانباری دووەم لەدوای عەلی كیمیاوی لەكارەساتی ئەنفال، تاوانباری هەڵاتوو نەزار خەزرەجییە، وەك دەزانیین لە پرۆسەی دادگاییكردنی نەزار خەزرەجی لە دانمارك پارتی و یەكێتی و بزووتنەوەی ئیسلامی بە قازانجی ئەو نامەیان نووسی و شایەدیان بۆ بێتاوانی دا لە دادگای دانماركی، لە نامەكانیان تەسكییەی بێ تاوانی و نیشتمان پەروەریی ئەویان دەكرد، تاكو گەیشتە سەر ئەوەی گوایە پەیوەندی هەبووە ژێر بە ژێر لە گەڵیان، ئێستا سكاندالی ڕسوایی ئەو پشتیوانییانەیان لە مەلەفی خەزرەجییەوە لە دادگاییەكە بۆ دەردەكەوێت، خەزرەجی بەهاوكاری ئەمەریكا لە دەست دادپەروەری هەڵات، ئێستاش لە وڵاتی ئیماراتە، ئیتر نازانم ئەنترۆپۆل لقی لە ئیمارات هەیە یان نا؟. ئێستا بزانین ئەمەریكا خەزرەجی تەسلیم بە دادگا دەكاتەوە، یان هەر ژێر بە ژێر دەیپارێزێت؟.

سوپا تەنها ڕۆڵی پاڵپشتی جاشەكانی گێڕاوە لە پرۆسەی ئەنفال

هاشم سوڵتان لە دەستپێكی وتەكانیدا ئاماژەی بە بوونی 250000 جاشی كورد دا لە ڕیزی سوپای عێراقی، كە لەژێر ڕابەرایەتی سەدان سەرۆك خێڵ و عەشیرەتدا خۆیان ساز و ڕێك خستبوو، ئەوەشی

دیاریکرد لە هێرشەکانی ئەنفال ئەم هێزانە (جاشەکان) ڕۆڵی سەرەکییان گێڕاوە، سوپا تەنها پاڵپشتی ئەم هێزانەی کردووە لە ئۆپەراسیۆنەکان، بە وتەی سابیر دووری زیاتر لە 250 فەوجی خەفیفە بەشدار بوونە لە شالاوەکانی ئەنفال.

لە ڕاستیشدا بۆ خۆی هەروایە، لە هێرشەکانی ئەنفالدا جاشەکان لەڕوی فیزیکی و ژمارەوە هێزی سەرەکی ئۆپەراسیۆنەکان بوون، ئەوان شارەزای ناوچەکان بوون و پێش سوپا دەکەوتن و تالانییەکان بەشی ئەوان بوون.

بەشی زۆریان زۆر بە دڵسۆزییەوە کارەکانییان ڕاپەڕاندووە، دەتوانین بە ژمارەی نۆت شجاعەکانیان هەرە دڵسۆزەکانیان لە ئۆپەراسیۆنەکانی ئەنفال بدۆزینەوە.

کەواتە لایەنی سەرەکی تاوانی ئۆپەراسیۆنەکانی ئەنفال جاشەکانن، هەموو ئەوانەی تاکو ئێستا دیوەخانانەیان وەرگرتووە، ڕێز و ستایشیان کراوە، ئەمڕۆ لەسەرەتای دادگاییەکە بە تاوانکاری سەرەکی هاتنە ژماردن، دادگاش شەرم لەکەس ناکات و لێبوردنە گشتییە پوچەکەی بەرەی کوردستانیش بە فلسێك دادیان نادات، بۆیە باوەڕم وایە دادگای ئەنفال دەبێتە دادگای جاش قڕان، لە ئێستاوە نیشانەکانی دەرکەوتووە.

مەترسی ئێران هۆی ئەنفالە

لە وتەکەی هاشم سوڵتان و سابیر دووری و لە پرسیار و بەدواداچوونیەکانی پارێزەرەکانیان، هەموو جەختیان لەسەر پەیوەندی نێوان ئۆپەراسیۆنەکانی ئەنفال و هەڕەشە و مەترسی ئێران بۆ سەر عێراق دەکردەوە، هەموو ڕوداوەکانی سالانی 1987-1988 سەرلەنوێ هاتنەوە سەر کامیرای تەلەفزیۆنەکان، قەرارگای ڕەمەزان و هێزەکانی زەفەر، کەرکووك و ئاوەکەی دوکان و دەربەندیخان و کەوتنە ژێر ئاوی بەغدا بوونە بابەتی ناو دادگا.

سابیر دووری وتی: ئەنفال جیا نەبووە لە قادسییەی سەدام، بەڵکە بەشێك بوو لێی، دژ بە کورد نەبووە، بەڵکە دژ بە ئێران ئەنجامدراوە.

پێی دەچێت تاوانباران قورسایی خۆیان بخەنە سەر ئەمخاڵە، لە ڕێگەی بەهانەی داکۆکی لە نیشتمان و مەترسی دەرەوە ڕەوایەتی بە قەتل و عامی خەڵکی سڤیلی کوردستان بدەن.

لە دادگایی کێسی هەڵەبجە ئێرانیش تاوانبارە

یەکێك لەو دۆزانەی پەسەند کراوە لە کێسی هەڵەبجە، کێسی پێشمەرگەکانی گوردانی شوانی کۆمەڵەیە، کە لە کۆدا 72 پێشمەرگە بوونە قوربانی، ژمارەیەك لەو پێشمەرگانە بە دیل گیراون و دواتر لە زیندان شەهید کراون، بۆ ئەم مەبەستە هەردوو باڵی کۆمەڵە شکایەتیان تۆمار کردووە، بەمەش ئێران ڕادەکێشرێتە ناو دادگاییەکە.

لەو بڕوایەدام ئەم دادگاییە چەندە مەزنە لە ڕوی بەڵگەنامەو قەبارەی تاوانەکەو زۆری ژمارەی قوربانیان و شایەدحاڵ و شکایەتکار، هاوکات ئەوەندەش زیاتر مەزنە لە ئاشکراکردنی درۆو دەلەسەکانی دادپەروەری نێونەتەوەیی و شەرمەزاری دەکات، لە بەشداری و هاوکاری گەورە هێزەکان لە تاوانەکەو بێدەنگیان لە ئاستی.

پێی دەچێت دەسەلاتی کوردیش لەو سکاندالانە پشکی خۆیان بەربکەوێت، لە پاراستن و قەڵەوکردنی ئەنفالچییەکان و برسی کردنی قوربانییەکانیان، چونکە لە ڕۆژانی داهاتوو ئەوانەش دێنە ناو بەرنامەی دادگاییەکەوە.